# ڕۆڵی نوورەدین زازا،

# لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا




ژینۆ عەبدوڵلا*

یاداشت وەک ژانرێکی گرنگی بواری پەخشان لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کاریگەریی و بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەت ئەو یاداشتانەی کە کەسەکە وەک شاهیدێکی زیندوو بەشێوەی هونەری گێڕانەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو بەشێوەیەکی تایبەت نەوەی نوێ لەڕووداوەکان ئاگاردەکاتەوەو دەبێتە بەڵگەیەکی مێژوویی دانسقە بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکان کە بەداخەوە کتێبخانەی کوردی تاڕادەیەک لەم بوارەدا هەژاری پێوەدیارە، هەرچەندە سامانێکی دەوڵەمەند لەلای سەرکردەو پێشمەرگە هەیە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، بێجگە لەچەند کتێبێک کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن زیاتر نییە، هەر بۆیە وەک پێشنیازێک داوا لەو کەسانە دەکەم کەڕووداوی گرنگی مێژوویان لایەو، بەتایبەت ئەو ڕووداوە مێژووییە سیاسییانەی کەخوێنەری کوردو نەوەی نوێ پێویستە ئاگادار بێت لێی و دەستبکەن بەنووسینەوەی یاداشتەکانیان، کە ئێستا ئەم مەسەلەیە بووەتە دیاردەو کەم سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکاو ڕۆژنامەنووسەکانیان هەیە نەهاتبێتە عیراق و یاخود بەشداریکردبێت یاداشتی نەنووسیبێتەوە.
لێرەوە دێمەسەر ئەو کتێبە ناوازەیەی بەم دواییە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لەدووتوێی(246)لاپەڕەی قەبارە مامناوەند لەبەرگ و دیزاینێکی جوان لەژێر ناونیشانی یاداشتی نوورەدین زازا بەشی یەکەم بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە کەبەزمانی فەرەنسی نووسراوەو دواتر لەلایەن دەروێش غالب-ەوە کراوە بەعەرەبی و باست حەمە غەریب کردوویەتی بەکوردی. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە نووسەری کتێب بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان و بەسەلیقەیەکی تەواو هونەریی و گێڕانەوەیەکی

ڕەوان یاداشتەکانی خۆی نووسیوەتەوەو کەخوێنەر هەرلەگەڵ خوێندنەوەی پەڕەی یەکەمدا ئەستەمە وازبهێنێت لەخوێندنەوەی.

نوورەدین زازا وەک تێکۆشەرێکی کوردستانی باکوور هەر لەکاتی لەدایکبوونییەوە کە لەناوچەی مادن هاتووەتە دنیاوە، هەتا پەروەردەکردن و گەیشتنی بەتەمەنی(10)ساڵیدا کەچۆن بەختەوەربوون لەناو خێزانە کوردەکاندا و هەم لەسروشتی سەرنجڕاکێشی دیمەنی ناوچەکەیان و لەخۆشی گوزەرانیان و پابەندبوون بەدابونەریتی ڕەسەنی کوردەواریی لەبەخشندەیی و دڵفراوانی و میوانداری کەنووسەر بەهەق ناوی ناوە بەهەشت، چونکە بەهۆی ئەو هەموو ڕەزو باخ و بەروبوومە کشتوکاڵییانەی لەسەرجەم پێداویستییەکانی ژیان کەچۆن وەک خێزانێکی بەختەوەرو دەمڕاستی گوندەکەیان ژیاون و دواتر بەهۆی ئەو ڕووداوە تراژیدیایەی کەبەسەر گەلی کورد دێت لەو بەشەی کوردستان و تەنها بەهۆی کوردبوونیانەوە چۆن خۆشی و ژیانی ئەم خێزانە کوردە، وەک نموونەی هەزارەها خێزان و تاکی کوردی تێکدەچێت و تووشی کوشتن و دەربەدەریی و دەرکردن و ماڵوێرانی و دوورکەوتنەوە دەبن لەنیشتمان و خاکی خۆیاندا تەنها لەبەرئەوەی کوردن .نووسەر بەشێوەی هونەری کە هەر لەڕۆمان دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کەڕووداوەکان ڕاستین و شێوازی گێڕانەوەکەی سەلیقەیەکی هونەری بەرزی هەیەو ڕووداوەکانی زۆرجوان وەک فیلمێکی سینەمایی پێکەوە گرێداوە، بەڵام بەبێ هەستکردن بەبێزاری ڕووداوەکان لەزاری خۆیی و خێزان و ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەڕووداوەکەوە هەیە، دەگێڕێتەوە کە چۆن مستەفا کەمال دوای ئەوەی لەبەڵێنەکانی لەدژی گەلی کورد پەشیمان دەبێتەوەو دوای کپکردنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کەدادگای تایبەتی لەکوردستانی تورکیا دامەزراندو بەدەیان تێکۆشەرو نووسەرو کەسی ئاسایی تەنها لەبەرئەوەی کوردبوون لەسێدارەدران و تیرۆرکران و یاخود لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداو ئەوانەی تریش کە لەمەرگ ڕزگاریان بووە بەردەوام وەک باوک و براکەی لەزینداندا ئەشکەنجەی جەستەو دەروونی دراون و چۆن ماڵ و حاڵی خۆشیان لەدەستدەچێت بەهۆی بەرتیلدان و ڕزگارکردنی خانەوادەکانیان و ئەو بڕیارە قورسانەی کەمال ئەتاتورک لەدژی هەموو دابونەریت و کولتوورو زمان و مێژووی کورد کردوویەتی و بەشێوەیەکی تراژیدیا گەلی کورد ژیان بەسەردەبات و ئەوەش دەمانگێڕێتەوە بۆئەوەی کە بەداخەوە بەشی گەلی کورد لەنیشتمانەکەیدا لەژێردەستی ئەو ڕژێمەی داگیریکردووە بەردەوام چەوسانەوەو کوشتن و بڕین و نەفیکردنی بوونی کوردبووە.

ئەم کتێبە لە(3)بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم ڕووداوەکانی لەتورکیان کەدوای ئەوەی بەهۆی خەموخەفەتەوە دایکیان لەدوای ئازادبوونی باوک و دکتۆر نەفیری برای گیان لەدەستداوەو لەڕێوڕەسمی جەماوەریدا پێشوازی لەئازادکردنیان کراون و بوونەتە نیشانەی هەستی بەرزی نەتەوەیی و دکتۆر نەفیر لەگەڵ نوورەدین زازا لەدیاربەکر نیشتەجێدەبن بەحوکمی کارەکەی دکتۆر نافس، بەڵام دەسەڵاتدارێتی تورکیا داوای لێدەکەن وەک زۆربەی کەسە دیارەکانی کورد ناوچە کوردنشینەکان دووکەونەوە بۆناوچە تورک نشینەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی بنەماڵەکەیان بەردەوام لەخزمەتی گەلەکەیاندان و ملکەچی ئەو بڕیارە نابن و بەناچاریی و لەسەر داواو پێشنیازی هاوڕێکانی دکتۆر نافس دەچنە سوریا، سەرەتا شاری حەلەب هەڵدەبژێرن هەرچەندە ئەوکاتانەش بەهۆی زۆرداریی و زوڵمی کەمال ئەتاتورکەوە سوریا کە لەژێر ئینتیدابی فەرەنسادا بوو دەرگای واڵاکردبوو بۆ هەموو نەیارانی ڕژێمی تورکیا، بەڵام سەرەتا داواکاریی دکتۆر نافس و هاوڕێکانی ڕەتکراوەتەوە بۆ پێدانی مافی پەنابەری سیاسی کەدواتر دەردەکەوێت بەهۆی نزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی تورکیاو فەرەنسادا بووە، هەرچۆنێک بێت دکتۆر نافس و هاوڕێکانی بەردەوامدەبن بەهۆی پیشەکەیەوە زوو جێگەی دەستی خۆی دەکاتەوەو دواتر دەچێتە دیمەشق و پاشان دەچێتە جەزیرەو لەگەڵ خزمەتی پزیشکییەکەیدا بەردەوام هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد

دەدات لەڕۆژئاوای کوردستان و دکتۆرێکی خراپ کە پیشەکەیکردووە بۆ پەیداکردنی پارەو هیچ شارەزایی نییەو دەستی هەیە لەمردنی چەندین کەسی بێتاوان بەهۆی هەڕەشەی دکتۆر نافس–ەوە دادەخرێت و ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دوو رۆژ لەهەفتەیەکدا بەخۆڕایی چارەسەری نەخۆش دەکات و لەهەندێک گوندی کوردستاندا کشتوکاڵی نوێ دەهێننە بواری کارکردنەوە، وەک چاندنی پەموو چەندین جۆری تر لەبەرهەمی کشتوکاڵی .لەدرێژەی گێڕانەوەی دکتۆر نوورەدین زازا ئەوە دەبینین کەهۆکاری لەخۆبردوویی بنەماڵەکەی کەهەمیشە لەخزمەتی گەلی کوردان بووەتە ئەوەی نوورەدین وەک کوردپەروەرو تێکۆشەرێک بۆ دۆزی میللەتەکەی کاربکات و هەستی نەتەوایەتی زیندووبکاتەوەو لەهەر گوندو ناوچەو شارو کۆڵانێکدا بووە قوتابخانەی زمانی فێربوونی کوردی دامەزراندووەو بەردەوام لەهەوڵی یەکخستنی کورداندابووەو داکۆکی لەمافە رەواکانی کردووەو هەرچەندە بەهۆی کوردبوونییەوە لەتورکیا قاچاغ بووە، بەڵام بەهۆی گەیاندنی بڵاوکراوەی کوردی لەڕێگەی هێڵی شەمەندۆفێرەوە بەناچاری بەخاکی تورکیادا تێدەپەڕێت و بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ژن و مێردێکی تورکدا دەبێتە گفتوگۆیان و بەتووندی بەرگریی لەگەلی کورد دەکات و پێش دابەزین شکات لەنوورەدین دەکەن، ئەویش بەناچاری بۆ ئەوەی نەگیرێت لەشەمەندۆفێرەکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی جەزیرە.

لەدرێژەی گێڕانەوەکاندا کەبەزمانێکی سادەوڕەوان و لەزۆربەی کاتدا وەک چیرۆکە هەواڵ خۆی دەبینێتەوە، نوورەدین زازا بۆ ئاگاداربوون لەڕەوشی بارودۆخی کوردستانی عیراق دەیەوێت سەردانی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بکات و لەڕێگەی دۆستێکەوە دەیەوێت بەقاچاغ لەسوریاوە بگاتە خاکی عیراق و سەردانی بارزانی بکات، بەڵام بەداخەوە لەڕێگەدا لەسەر سنوور دەگیرێت و تووشی مەینەتی و ناخۆشی زۆر سەخت دەبێت لەنێو زیندانەکانی عیراقدا، کەزیاتر لەساڵ و نیوێک لەزیندانەکانی عیراقدا دەبێت، وایلێدێت چەندینجار لەزینداندا ماندەگرن، بەڵام زیندان دەبێتە قوتابخانەیەک و چەندین دۆستی دڵسۆزی کوردپەروەر دەناسێت و پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکات. دوای ئازادکردنیشی بۆ باشتر خزمەتکردنی گەلی کورد دەچێتە لوبنان و قوتابخانەیەک دادەمەزرێنێت بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

بەکورتی بەشی یەکەمی یاداشتەکانی نوورەدین زازا لە سێ بەشی سەرەکی خۆی دەبینێتەوەو پێشەکی کتێبەکەش لەلایەن حەمید حاجی دەروێش، نووسراوەو تیایدا هاتووە(لەکاتێکدا پێشەکی بۆ کتێبەکەی دکتۆر نوورەدین زازا دەنووسم، بەداخەوە دەڵێم ئێمە نەمانزانی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە دیارە بکەین و سوود لەو توانا گەورەیەی نوورەدین زازا وەرگرین، بەڵکو خراپەمان لەگەڵ کردو بەئەنقەست و بەبرو بیانووی جۆراوجۆرەوە هەوڵی شکاندنی کەسایەتی ئەوماندا.)...

ماوەتەوە بڵێم، نوورەدین زازا بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستی کۆمەڵناسی لەزانکۆی لۆزان لەسویسرا وەرگرتووەو لەدامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردە لەسوریاو کەدواتر بەهۆی لێهاتووییەوە بەسەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردراوەو ئێمەش چاوەڕێی بەشی دووەمی ئەو یاداشتەین بۆئەوەی زیاتر لەتێکۆشان و قوربانیدان و کوردبوونی ئەو کەسایەتییە شارەزابین.

*خوێندکاری ماستەر لەزانکۆی سلێمانی.